# عەلیئەشرەف دەرویشیان: لە بەرھەمەکانی خۆی دەدوێ

**خەڵک ئەو بەرھەمانەیان بە دڵە کە بە چەشنێک ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیان بێ!**

**وتووێژ دەگەڵ عەلیئەشرەف دەرویشیان**

**وەرگێڕ: هێدی**

خەریکی نووسینی چ کارێکی تازەی؟

کۆمەڵە چیرۆکێکم لە ژێر چاپە بە نێوی "داستانهای تازەداغ(چیرۆکە تازەگەرمەکان)". کتێبێکی دیکەم ئامادە کردووە کە دوو بەرگە و شێست چیرۆکی نووسەرانی دەیەی حەفتا دەگرێتە خۆی; ئەو چیرۆکانەن کە بە دڵی من بوون; نێوی کتێبەکە "داستانهای محبوب من(چیرۆکە دڵخوازەکانم)ە". هەر کام لەو چیرۆکانە ڕەخنەیەکیشیان دەگەڵە کە لە لایەن خۆم و دۆست و هاوکاری لەمێژینەم "رضاخندان مهابادی"یەوە نووسراون.

لە نووسەرانی دەیەی حەفتا بەرھەمی کێهایان دەو کۆمەڵە چیرۆکە دا هەیە؟

مهوش افتخاری، محبوبە میرقدیری، طاهرە علوی، ابوتراب خسروی، کوروش اسدی، منوچهر کریم زادە، هوشنگ آشورزادە، فرخندە آقایی، حسن اصغری، حسین مرتضاییان آبکنار، شهلا پروین روح و ... نووسەرانی دیکە کە لەو دەیەیە دا چالاک بوون.

بە چ ئامانجێکەوە ئەو کۆمەڵە چیرۆکانەت کۆ کردوونەوە؟

بە بڕوای من ئەو قەیرانەی تووشی شێعری نوێ بووە و ئەوی لە خەڵک دوور خستۆتەوە، چیرۆکە کورتەکانیش دەگرێتەوە. پێشوازیی نەکردن لەو چیرۆکانەی لە ژێر نێوی بەرھەمە"مینی مالیستی"یەکان بڵاو دەکرێنەوە، ئەو قەیرانە دەردەخا.

ئێوە هۆی ئەو پێشوازیی نەکردنە دە چی دا دەبینن؟

دە نەبوونی نێوەرۆکێکی بەهێز دا. بەو هۆیە کوتم با چیرۆکە دڵخوازەکانم، کە پێموایە دڵخوازی زۆربەی خەڵکی وڵاتەکەشمان بن، دە کۆمەڵەیەک دا، کۆ بکەمەوە، کە بەرگی یەکەمی بەو زوانە چاپ دەکرێ و بەرگی دووهەمی دە قۆناگی پیتچنین دایە.

گیروگرفتێک کە ئێستا دە گۆڕێ دایە ئەوەیە کە هێندێک نووسەری لاوی وڵاتەکەمان پییانوایە نووسەرە بە ئەزموونەکان، بەرھەمەکانیان ناخوێننەوە و خۆ لە هەڵسەنگاندنیان دەبوێرن.

ئەمن پێموایە دەبێ نووسەرە لاوەکانی وڵاتەکەمان لە لایەن نووسەرە بە ئەزموونەکانەوە پشتیوانییان لێ بکرێ، دوان لە سەر بەرھەمە باشەکانیان دەتوانێ جۆرێک پشتیوانیی بێ. واتە شێوەیەک ناساندنی

بەرهەمە باشەکان بە خەڵک و بەوانەی کتێب دەخوێننەوە. هەر بەو ئامانجەش خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمەکان بووم. پێموایە دەبێ پێویستیی کاری وا دە نێو هۆگرانی ئەدەب و قەڵەم دا جێ بگرێ.

ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە بەرهەمە دڵخوازەکانتان لە لایەن بەشێک لە خوێنەرانیشەوە پەسند دەکرێن، لەو بارەوە پێوانەتان چییە؟

ئەوە ئەزموونێکە کە دە ماوەی چەند ساڵ نووسەریی دا من و دۆستانی دیکەی هاوتەمەنم وەدەستمان هێناوە. خەڵک ئەو بەرهەمانەیان بە دڵە کە بە چەشنێک ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیان بێ و دەگەڵیان هەست بە هاوەدەردیی بکا. خۆیان دەو دا ببیننەوە و لە کاتی خوێندنەوە دا ببنە هاوڕێ و هاودەرد و هاودڵی کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکە. دیارە مەبەستم ئەوە نییە کە دەبێ تەسلیمی بۆچوونی خەڵک بین، بەڵکوو دەبێ سەرنجیان بدرێتێ. بەو هۆیە دەو کۆمەڵەیە دا ئەو چیرۆکانەم هەڵبژاردوون کە تێیاندا چینی چەوساوە و بێبەش لە لایەن نووسەرە بەرپرسەکانەوە کەوتۆتە بەر سەرنج.

ئێوە بەرهەمی نووسەرانی دەیەی حەفتاتان پێ بەرهەمگەلێکی بەرپرسانەن؟

من هێشتا نووسەرانی وڵاتەکەمانم پێ بەرپرسن، سەرەڕای ئەوەیکە هێندێک تاکخوازیی دە بەرهەمەکانیاندا هەیە و کایە شێوەییەکان دە بەرهەمەکانیاندا زۆریان سەرنج دەدرێتێ، بەڵام هێشتا کەسانێک هەن کە لە پەنا ئەو تاقیکردنەوە و هەڵانە دا بەرپرسایەتییان لە بیر نەچۆتەوە و هونەر بۆ هونەریان لەبەر چاو نییە.

دە نێوان قسەکانتدا وام هە ست کرد کە بەرهەمی ژنە چیرۆکنووسەکانی وڵاتەکەمانت بە دڵە، وایە؟

دوای شۆڕش ڕادەی ئەو ژنانەی بەرەو چالاکیی فەرهەنگیی چوون زیادی کردووە، بە تایبەت لە مەیدانی سینەما و ئەدەبیات دا. ئەوان توانیویانە بەرهەمگەلێکی درەوشاوەش پێشکێش بکەن، بۆ وێنە فیلمی "زیر پوست شهر(لە ژێر پێستی شار دا)" بەرهەمی "رخشان بنی اعتماد"، لە مەیدانی چیرۆک و ڕۆمانیش دا نووسەرگەلێکی وەک: شهرنوش پارسی پور، فرخندە آقایی، منیرو روانی پور، فریدە رازی، فرخندە حاجی زادە، و ... هێندێک نووسەری دیکە کە ئێستا نێوەکانیانم لە بیر نییە، بەرهەمگەلێکی باشیان بڵاو کردۆتەوە کە دەبێ ئاماژەیان پێ بکرێ. دە راستیدا ئەو نووسەرانە بەرپرسیارێتی و نوێخوازییان وێکڕا دە بەرهەمەکانیاندا گونجاندووە.

بەرگی چوارەمی فەرهەنگی ئەفسانە ئێرانییەکان بڵاو بۆتەوە؟

بێجگە لەو بەرگە، بەرگی پێنجەمیشی ئیزنی چاپی وەرگرتووە کە بەو زوانە رەوانەی بازاڕ دەکرێ.

ئەو فەرهەنگە چەند بەرگ دەبێ؟

چاردە بەرگ کە هەمووی رێک خراوە.

دە هەواڵەکاندا هاتووە کە خەریکی نووسینی ژیننامەی "سەمەدی بێهرەنگی"شن؟

بەڵێ، لە سەر داوای "نشر قصە". ئەو نووسەرە هەمیشە بە دڵی من بووە.

لەبەر بەرپرسایەتییەکەی؟ بە ڕای ئێوە بەرهەمەکانی وی لە لایەن منداڵان و تازەلاوانی ئەورۆشەوە پەسند دەکرێن؟

ئەو منداڵانەی سەر بە قووڵایی کۆمەڵگان هێشتا دەگەڵ ئەو بەرهەمانە پێوەندیی دەگرن.

بەڵام ئەوان تەنانەت ناتوانن ئەو بەرهەمانە بکڕن!

بەڵێ بەداخەوە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی کە کتێبخانەی قوتابخانەکانیش وەک سەردەمی شۆڕش چالاک نین، کتێبخانەکان پڕ نین و بەرهەمەکانیش تەواو بە پێی هەڵبژاردن دیاریدەکرێن. لە لایەکی دیکەوە دەبینین کە کەم نووسەر دە ماوەی ئەو ساڵانە دا توانیویانە بەرهەمێکی درەوشاوە و شایانی پێوەندیی دەگەڵ خوێنەرانی منداڵ و تازەلاو پێشکێش بکەن. لە کاتێکدا منداڵ بەرهەمە ئیدیۆلۆژییەکانی وان وەلادەنێ، بەرهەمی ئەوانە بە تیراژێکی هەراو بڵاو دەکرێتەوە. ئی وەک سەمەدی بێهرەنگی لایەنگری ئیدیۆلۆژییەکی تایبەتیی نەبوون، داکۆکییان لە چینێک دەکرد کە زوڵمی لێکرابوو، بەو هۆیەوە پێشوازییان لێدەکرا.

ئەرێ بۆ بیرەوەرییەکانی خۆتان نانووسن؟

ڕۆمانی"سالهای ابری(ساڵە بە هەورەکان)" بە چەشنێک بەشێکە لە بیرەوەرییەکانی ژیانی من، وتوویژێکی تێروتەسەلم دەگەڵ "اسدالله عمادی" کردووە کە تێیدا تێکۆشاوم نەگوتراوەکان و ڕاستەقینەگەلێک دەرببڕم. کاتێک ئەو ڕاستەقینانە، کە تەئسیرێکی بێ ئەم لاو ئەولایان لە سەر فەرهەنگ و کۆمەڵگای وڵاتی ئێمە داناوە، ئاخری سینگ بە سینگ دەردەبڕدرێن، وا باشترە کە بە شێوەی ڕوون و ڕاست و بە بەڵگەوە لە لایەن خۆمانەوە دەربڕدرێن و ...

پشتیوانیی لە نووسەرە لاوەکان بکەن، زۆربەی چاپکەران کارەکانیان چاپ ناکەن، بە گوێیان هەڵێنن کە دەبێ خەریکی فەرهەنگ سازکردنیش بن، فەرهەنگ سازکردن بە بێ دیتنەوەی زەوقەکان ناگونجێ.

---------------------------------------------------

سەرچاوە:

سایتی هێدی http://hedih.blogspot.com